# بەرپرسیاریەتی دکتۆر لەو هەڵەیەی کە ئەنجامی دەدات

[ كردي – کوردی – kurdish ]


دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



2014 - 1436

IslamHouse.com

# مسؤولية الطبيب عن خطأه أثناء العمل

« باللغة الكردية »

فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1436

IslamHouse.com

# بەرپرسیاریەتی دکتۆر لەو هەڵەیەی کە ئەنجامی دەدات

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەڕێ ئیسلام هاوس کراوە :

**پرسیار** :باوکم لە سەربان بەربوویەوە وقاچی شکا، پاش ئەوە بردمان بۆ نەخۆشخانە بۆ لای دکتۆر بۆ چارەسەکردنی، دکتۆریش بڕیاریدا کە نەشتەرگەری بۆ بکات، ئەو ڕۆژەی کە نۆرەی نەشتەرگەری هات دکتۆر بە بەنجی گشتی نەشتەرگەریەکەی بۆ کرد، پاش دووکاتژمێر تووشی شۆك بووین، کاتێك بیستمان باوکمان لەژێر نەشتەرگەری دەرنەچووە و وەفاتی کردووە، پرسیارەکەمان لەمەدایە، ئایا لە ڕووی خوێنی باوکمانەوە دەکەوێتە ئەستۆی کێ ؟ خوای گەورە پاداشتی خێرتان بداتەوە ؟

**وەڵام** :سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودرود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

زانایان هەموو هاوڕان لەسەر ئەوەی ئەگەر هاتوو ئەو دکتۆرەی کە چارەسەری نەخۆشێك دەکات کەمتەرخی کرد لە کارەکەیدا ئەوا بەرپرسە لەڕووی کەمتەرخەمیەوە ( المسؤلية التقصرية ) ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) فەرموویەتی : (( من تطبب، ولم يعلم منه طب فهو ضامن ))[ أخرجه و داود وابن ماجه والدارقطني والبيهقي، وقال الحاكم: صحيح الإسناد، ووافقه الذهبي]واتا : هەرکەسێك دکتۆری بکات، و لێی نەزانێت ئەوا ضامن وبەرپرسە لەو هەڵە وکەمتەرخەمیەی کە ئەنجامی دەدات .

هەر لەبەر ئەم هۆیە زانایان ووتویانە : دەبێت ڕێگری بکرێت لە دکتۆری نەزان، و کرێچی موفلیس، و ئەو موفتیەی کە کاری جدي وگاڵتە وگەپ تێکەڵاو دەکات .

دەبێت بزانین دوو جۆر بەر پرسیاریەتیمان هەیە :

**یەکەم** : بەرپرسیاریەتی ئەخلاقی و جنائي : ئەویش لە ئەنجامی ئەوە دروست دەبێت کە ئەو دکتۆرە غەش بکات یان شەهادەکەی تەزویر بێت یان درۆ بکات، وەك ئەوەی بڵێ بە نەخۆشێك پێویستت بە نەشتەرگەری هەیە، بەڵام پێویستیشی پێی نەبێت، وەك نەشتەرگەریەکانی لەوزەتەین و ڕێخۆڵە کوێرە وبەردی گورچیلە، لە پێناو ئەوەی بڕێك پارەی دەست بکەوێت .

**دووەم** : بەرپرسیاریەتی پیشەیی: ئەمەش کاتێك دروست دەبێت کە دکتۆرەکە یان ئەوانەی بەردەستی لە برین پێچەکان هەڵەیەکی پیشەیی بکەن، وەك ئەوەی مەقەستیك یان پارچە

لەفافێك یان لۆكەیەك لە ناو سكی ئەو كەسە بەجێ بهێڵن كە نەشتەرگەریەكەی بۆ دەكەن، بەبێ هیچ مەبەستێكی خراپ، لەم حاڵەتەدا دەبێت ئەو پزیشكە لەبەر كەمتەرخەمیەكەی دەبێت هەموو بەرپرسیاریەتیەك بگرێتە ئەستۆ لە ئەنجامی ئەو زیانەی كە گەیشتووە بە نەخۆشەكە، خۆ ئەگەر ئەم كارە بە دەست ئەنقەصد بووبێت و دكتۆرەكەی نیەتی تاوانی هەبوبێت ئەوا دەبێت سزای شەرعی و یاسایی خۆی وەربگرێت، بۆ نمونە ئەگەر هاتوو نەخۆشەكە مرد ئەوا بە ( قتل العمد ) دادەنرێت وئەگەر كەسوكاری نەخۆشەكە دكتۆرەكەیان عەفو نەكرد دەبێت لەبریتی نەخۆشە مردووەكە بكوژرێتەوە، خۆ ئەگەر بە هەڵە و كەمتەرخەمی بووبێت ئەوا دەبێت خوێنەكەی لە دكتۆرەكە بسەنرێت، بەڵام ئەگەر هاتوو دەركەوت دكتۆرەكە هیچ مەبەستێكی تاوانی نەبووە و هیچ كەمتەرخەمیەكیشی نەكردووە لە ئەنجامدانی نەشتەرگەریەكەیدا ئەوا لە ڕووی شەرعەوە بە یەك دەنگی زانایانی هەر چوار مەزهەبەكە هیچ شتێك ناكەوێتە

سەر دکتۆرەکە، چونکە دکتۆرەکە کارەکانی خۆی بەڕێك وپێکی ئەنجامداوە و قەدەری خوایش وابووە کە نەخۆشەکە لەژێر نەشتەرگەریەکەدا دەرنەچێت .

بۆیە دەبێت بزانین بەم مەرجانەی  کە لە خوارەوە باسیان دەکەین هیچ بەرپرسیاریەتیەك ناکەوێتە سەر دکتۆر :

١) مۆڵەتی ڕەسمی حوکمی هەبێت بۆ ئەنجامدانی ئەو نەشتەرگەرییە .

٢) مۆڵەتی پێش وەختی وەرگرتبێت لە نەخۆشەکە، یان لە کەسوکارەکەی بە ئەنجامدانی چارەسەری بۆی .

٣) مەبەستی چاك بێت لەوەی ئەو چارەسەریە یان ئەو نەشتەرگەریە بۆیە دەکات کە نەخۆشەکە چاك ببێتەوە، نەك مەبەستی خراپی هەبێت لە زیان گەیاندن پێی .

٤) هیچ هەڵەیەکی پیشەیی یان کەمتەرخەمی ڕووی نەدابێت لەلایەنی دکتۆرەکەوە .

بۆیە برای بەرێزم باوکی جەنابیشتان ئەگەر هاتوو ئەو دکتۆرەی کە نەشتەرگەریەکی بۆ کردووە هیچ مەبەستێکی خراپی نەبوبێت و هیچ هەڵەیەکی پیشەیشی نەکردبێت، لەڕووی شەرعەوە هیچ بەرپرسیاریەتیەکی ناکەوێتە ئەستۆ، بەڵام ئەگەر دەرکەوت کەمتەرخەمی نواندووە لەکاتی ئەنجامی دانی نەشتەرگەریەکەدا، هەرچەند نیەتی خراپیشی نەبوو بێت، ئەوا خوێنی باوکتان دەکەوێتە ئەستۆی ئەو دکتۆرەوە ..

خوای گەورەش زاناترە ..